# لە کوردستان لە سایەی دەسەلاتی پارتیو یەکێتیدا، بەفراوانترین شێوە، مافی ڕادەربڕین و ئازادییە سیاسیەکان زەوت و پێشێل دەکرێت !

لە ماوەی کەمتر لە یەك مانگی ڕابوردوودا، دکتۆر فەرهاد پیربالو هاوڕیکانی بە بەهانەی جۆراوجۆر لە زانکۆی صلاح الدین لە هەولێر فەرمانی گواستنەوەیان بۆ کۆلیجو بەشەکانی تر دراوە. هەر لە هەولێرو لە ئەنجامی خۆپیشاندانی ناڕازیانی شاری ئاکرێدا دژ بە نەبونی بەنزینو سوتەمەنی تا ئێستا 15 خۆپیشاندەر لە زینداندایە، هەر لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی پارتیدا دکتۆر کەمال سەید قادر کە لە نەمسا هاتۆتەوە دەستگیرکراوەو لە بەر بونی رەئی موخالیف بەرانبەر بە سەرکردایەتی پارتیو شەخسی بارزانی ئێستا گیراوە، لەسلێمانی لە رۆژی 26ئەم مانگەدا فەتاح زاخۆیی وەزیری رۆشنبیری لە ئیدارەی سلێمانی ناچارکرا کە دەست لەکارەکەی بکێشێتەوەو ئیستقالە بکات لە بەرئەوەی کە دەنگی نەداوە بەدەستورو... چەندین دیاردەو ڕوداوی جۆراوجۆری تر لە ناوچەکانی تری کوردستان... ئەمە کوردستانو "مەرکەزی ئازادیو دیموکراسیەکەی" بارزانیە کە لە ئەمەریکا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد.

ئەم هێرشانەی ئیدارەی پارتیو یەکێتی، بۆسەر ئازادی سیاسیو بە دیاریکراویش بۆ سەر ئازادی رەئیو ڕادەربڕین، نیشاندەری ئەوەیە کە دەسەلاتدارانی ناسیونالیزمی کورد "ئازاد"یان تەنها بۆ پڕوپاگەندەو سەردێری رۆژنامەو هەواڵەکانی کەناڵە ئاسمانیو تەلەفزیۆنیەکانو ڕاگەیاندنو کۆنگرە رۆژنامەنوسیەکانیان دەوێت. "ئازاد"ی لە ڕوانگەی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتیەوە مانا عەمەلیەکەی، پێش گرتنو مۆلەت نەدانە بە خۆپیشاندان، دەرکردنە لەسەر کارو وەزیفەیان، ڕاگواستنە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، یان سەرکوتو زیندانیکردنە لە ئاسایش، یان تەقەکردنو خوێن ڕشتنو برەودانە بە فەزای ترس هەر وەك لە گەلارو ئاکرێ بینیمان. لە کاتێکدا کە سەرتاپای هەردووحزبی پارتیو یەکێتیو ئیدارەکانیان بەقەولی خۆیان پەل دەکوتێت لە گەندەڵیدا. لەکاتێکدا کە سەروەتو سامانی خەڵکی کوردستان لەدەستی بەرپرسانی حزبو ئیدارەی هەردوولاو ژمارەیەکی کەمی سەرمایەدارەکانی بن دەستی خۆیان کەلەکەبوە. لە کاتێکدا کە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکیش پێشکەش بە خەڵك ناکرێتو تەنانەت خەڵك بۆخۆیان ئاوو کارەبای خۆیان بەهۆی کڕینی داینەمۆو لێدانی بیرەوە دابین دەکەن. لەکاتێکی وادا کاری ئەمان تەنها بوە بە سەرکوتو زەوتکردنی مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکانی خەڵکی کوردستانو خنکاندنی هیواو خواستی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی هاوچەرخی عەلمانیو ناقەومی.... کاری ئەمان بووە بە بردنە پێشەوەی سیاسەتو خواستی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسیو جامیعەی عەرەبی..

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، تەواوی ئەو هەنگاوە سەرکوتکەرو دژی ئازادییانە ئیدانە دەکاتو داوا لە تەواوی ئازادیخوازانو ئینسان دۆستەکانو ڕیکخراوە کرێکاریو پێشەییو جەماوەریو دەکات لە کوردستانو عێراق و ئاستی دنیادا، کە ئەم واقعیەتەی کوردستانو سەرکوتی ئازادی سیاسیەکان ئیدانە بکاتو زەخت بخەنە سەر یەکێتیو پارتی کە پابەند بن بە پاراستنی ئازادییە سیاسیو مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستانەوە.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/10/31